هەڵەبجە

# رۆژی گەل
Roj î Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

ژمارە (٢٠٤) یەکشەممە ١٦-٣-٢٠٠٨



ل3 پەرلەمانتارانی عەرەب کۆتایی بە کۆنگرەکەیان دەهێنن





ل4 پێشمەرگەی ئەیلول بووە، مانگانە سێ هەزاری کەمئەندامی وەردەگرێ





ل5 ئۆرگانە مەدەنیەکان و چەسپاندنی دیموکراتی

ل6 گلەیی لە مێدیاکان دەکات و رەخنەش لە بەرپرسان دەگرێ




# هەڵەبجە مێژوومانە، کلیکی سەربەخۆییمان پێدەبەخشێ

کاتێک بەعس لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ بریاری ژەهربارانکردنی شارو ئاواییەکانی کوردستانی دا، پێیوابوو لەرێگەی خنکاندنی هەڵبجەوە بەرخۆدانی نەتەوەیەکی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی هەرەس پێدێنێ و بۆ هەمیشە دەیبەزێنێ.

کاتێک بەعس شاری هەڵەبجەی کیمیا باران کردو پێنج هەزار پەپولەی لێ شەهید کرد، پێیوابوو کەس پێینازانێ و بۆ هەمیشە لەبیر دەکرێ.

کاتێک بەعس چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەسەر مرۆڤەکانی ژێر فەرمانرەوایەتی خۆی تاقیکردنەوەو هەزاران ژن و منداڵ و پیاوی سڤیلی شەهید کرد، پێیوابوو سەرکەوتووەو بۆ هەمیشەش بۆی دەمێنێتەوە، بەڵام نەیزانی هەڵەبجە رادەبێتەوە، خۆی بەهەموو جیهان دەناسێنێ، بەعس و هاوکارانی ریسوای مێژوو دەکات و بۆخۆشی بەنەمری دەمێنێتەوە.

ئێستا لە بیستەمین ساڵیادی ژەهربارانکردنی هەڵەبجەدا لە زۆربەی شارەکانی ولاتانی جیهاندا کەرەنەڤاڵی رێزگرتن و مەراسیمی یادکردنەوە پێکدەهێنرێ.

ئەمرۆ ١٦ی ئازار، کوردستانیان بە حورمەتەوە بێدەنگ بۆ مەزنایەتی قوربانیانی هەڵەبجە رادەوەستن.

ئەمرۆ بیست ساڵ بەسەر کیمیاباران کردنی هەڵەبجە تێدەپەرێ، هەڵبجە نەک هەر نەمردووە، بەڵکو لە لووتکەی مێژوودا جێگەی گرتووە، لەویژدانی ئازادیخوازو سەربەخۆخوازاندا دەژێ، مێژووی نەتەوەی کوردەو کلیلی سەربەخۆیی نیشتمانی بە گەل پێدەبەخشێ.



ئەمرۆ دوای بیست ساڵ لە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، بکوژرانی هەڵەبجە نەک هەر سەرکەوتوونین، بەڵکو تاوانبارانی گەورەن، ریسواو رووڕەشی مێژوون، لەرزۆک و پەشۆکاون، لەزیندان راگیراون و چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو سزایە دەکەن کە دادگە بۆی دیاریکردوون.

ئەمرۆ هەڵەبجە هاواری عومەری خاوەرە بۆ یەکێتی و یەکرێزی بانگمان دەکات و کلیلی رزگاری و سەربەخۆییمان پێدەبەخشێ، با هەرگیز لەبیری نەکەین.

## چاک یادی هەڵەبجە دەکاتەوە

ئەمرۆ ١٦ی ئازار لەپێوەند بە کارەساتی هەڵەبجە، ناوەندەی **چاک** بەشێوازی جۆراوجۆرو لە شوێنە جیاجیاکان دا رێز لە قوربانیانی هەڵەبجە دەگرێ. لە **ستۆکهۆڵم**ی پێتەختی ولاتی سوید دا هەزاران باڵۆنی رەش هەڵدەدات، بۆ ماوەی یەک کاتژمێریش فرۆکەیەک بەسەر ئاسمانی ستۆکهۆڵم هەڵدەفرێنێ کە لافیتەیەکی گەورەی پێوە بەستراوەو بەزمانی سویدی لێی نووسراوە ' **نەخێر بۆ هەڵەبجەیەکی دیکەو نا بۆ کۆمەڵکوژێکی دیکەی خەڵکی کوردستان**'، هەروەها رۆژی ١٧ی مانگ شاندێکی کۆمیتەی سویدی چاک سەردانی پارتە سیاسیەکان دەکات و لەگەڵ **لاش ئۆللێ** سەرۆکی پارتی چەپ کۆدەبێتەوە.

لە شاری **نۆرنبێرگ**ی ئەڵمانیا لە ژێر دروشمی بەیەکەوە بۆ کوردستان کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە سێنتەری شار پێکدەهێنرێ. لە**ڤانکۆڤەر**ی کەنەدا کۆرێکی رێگرتن ساز دەکرێ و لە کوردستانیش ئەمرۆ پێنج هەزار دیاری وەک هێما بۆ رێزگرتن لە پێنج هەزار شەهیدەکە بەسەر منداڵانی هەڵەبجە دابەش بکات.

هەروەها دوێنێ لە **زۆتەرمیری** هۆڵەندا رێورەسمێک لە سێنتەری شار بەرێوەچوو، لە **کۆپنهاگن**ی دانمارک و **کۆڵن**ی ئەڵمانیا و دەیان شاری دیکەی ولاتانی جیهاندا بەشێوازی جیاجیا رێز لە قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە گیراو هەڵەبجەیان بە جیهانیان ناساندەوە.

## ئەنجوومەنی رابوونی ئەنبارو حزبی ئیسلامی عێراقی سەنگەر لەیەکتر دەگرن

دوێنێ شەممە ١٥ی ئازار، سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە ئاڵۆزی لەنێوان ئەنجوومەنی رابوونی پارێزگاری ئەنبارو حزبی ئیسلامی عێراقی توندتر بۆتەوە، لەوانەیە لە رۆژانی داهاتوودا پێکدادانی چەکداری لێبکەوێتەوە.

عەلی حاتەم سلێمان سەرۆکی عەشیرەتی دلێم بە ئەسوات عێراقی راگەیاندووە کە دوایین مۆڵەت بۆ هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار ١٦ی ئازارە، ئەگەر ئەوان کە ئەندامانی حزبی ئیسلامی عێراقین پێبەند نەبن، ئەوە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.

عەلی حاتەم ئاشکرای کردووە کە ئەوان مانگێک زیاترە داوایان لە حکومەتی بەغداد کردووە کە پارێزگاری ئەنبار لە دەست حزبی ئیسلامی رزگار بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوان بە هەڵبژاردن ئەو پۆستانەیان وەدەست هێناوە.

سەرچاوەکان ئاشکرایان کردووە کە ناوبژیوانی ئەمریکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئەنجوومەنی رابوونی ئەنبارو حزبی ئیسلامی عێراقی هەیە، بەڵام نەیانتوانیوە کێشەکە یەکلایی بکەنەوە، هەرچی حزبی ئیسلامیە رەوایەتی خۆی لە هەڵبژاردنەکانەوە وەرگرتووەو داوای هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی تەواوی پارێزگاکانی عێراق دەکات، بەڵام ئەنجوومەنی رابوونی ئەنبار کە ئەمریکیەکان لە ئەندامانی عەشیرەتەکان دروستیان کردووە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حزبی ئیسلامی بە ناڕەوا ئەو پۆستانەی بۆ خۆی بردووە و دامەزراندنی فەرمانبەرانیشی بۆ ئەندامانی خۆی قۆرخ کردووە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئاڵۆزبوونی نێوان ئەنجوومەنی رابوونی ئەنبارو حزبی ئیسلامی لە کاتێک دایە کە ئەمریکیەکان و حکومەتی بەغداد باس لە ئاشتەوایی نێوان عێراقیەکان و باشبوونی رەوشی ئاسایش دەکەن، بەڵام خۆیان هاوکاری ئەنجوومەنی رابوونی ئەنبار دەکەن و چەکداریان دەکەن، کەچی کە حزبی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دا لایەنێکی براوەبووە، بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت دا کردووەو پۆستی جێگری سەرکۆمارو سەرۆکوەزیرانی وەرگرتووە.

## پەنتاگۆن: توندوتیژیەکانی ناو عێراق روو لە زیادبوونە

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە دوایین راپۆرتی خۆیدا ئاشکرای کردووە کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ ەوە توندوتیژیەکانی ناو عێراق روویان لە زیادبوون کردووە.

پەنتاگۆن رایگەیاندووە وێرای ئەوەی کە هەشت مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ توندوتیژیەکانی ناو عێراق بەرەو کەمبوونەوە چووبوون، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨وە جارێکی دیکەش کردەوە خۆکوژیەکان و تەقاندنەوەکان و ئۆتۆمبێلە مینرێژاوەکان دەستیان پێکردۆتەوە، بەوهۆیەشەوە هەم خەڵکی سڤیل دەکوژرێن و هەمیش هێرش بۆسەر هێزەکانی ئەمریکا پەرەیان سەندۆتەوە، بەشێوەیەک کە ژمارەی کوژراوانی سەربازانی ئەمریکا لە چوار هەزار نزیک دەبێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەمریکیەکان و حکومەتی بەغداد پێشتر سەرکەوتنی خۆیان بەسەر گروپە توندرۆکان راگەیاندبوو، تەنانەت نوری مالکی سەرۆکوەزیران بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە دوایین شەری ئەوان لەگەڵ قاعیدەو گروپە توندرۆکان لە پارێزگاری موسڵ دەبێ، بەڵام ئێستا کردەوە توندەتیژیەکان نەک هەر لە موسڵ و دیالە، بەڵکو لە بەغدادی پێتەختیش درێژەیان پێدەدرێ، ئەمەش نیگەرانی زیاتر کردۆتەوە.

## PKK بوونی هاوکاری لەگەڵ قاعیدە رەت دەکاتەوە

دوای ئەوەی ئەبوخەلیل ئەلبەهادلی یەکێک لە بەرپرسانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق بە رۆژنامەی ئەلعەرەبی راگەیاندبوو کە رێککەوتنێکی سەربازی لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق دا هەیە، پەکەکە بە زانیاری و ئەوانیش بە شەرکەر هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، سەرچاوەیەک لە کۆما جڤاکێن کوردستان هەر جۆرە هاوکارێکی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق کە باڵی عێراقی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە رەت کردەوەو ئاشکرای کرد کە هەرگیز پێوەندی لەگەڵ ئەو رێکخراوە تیرۆریسیە دروست ناکەن و هاوکاریشی لەگەڵ دا ناکەن.

سەرچاوەکەی کۆما جڤاکێن کوردستان رایگەیاندووە کە چەکدارانی ئەلقاعیدە ناتوانن لە هەرێمی ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە دزە بۆ ناو هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەشی بە شەری دەروونی لێکداوەتەوەو بە سیناریۆو بەرنامەی تورکی داناوە.




## رۆژەڤ

ئەمرۆ ١٦ی ئازار، بیست ساڵ بەسەر تاوانی ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجە تێپەر دەبێ، کەچی هێشتا تاوانبارانی سەرەکی ئەو کارەساتە بە سزا نەگەیشتوون، وێرای ئەوەی کە هەندێک لە گەورە تاوانباران دادگەیی کراون و سزایان بۆ براوەتەوە، بەڵام زۆرینەی تاوانبارانی دیکە ئازادانە دەسوڕێنەوە، هەندێکیان پلەی بەرپرسیارێتیان هەیەو ئەوانی دیکەش رادەستی دادگە ناکرێن.

ژەهربارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن فرۆکەکانی رژێمی بەعس کە بە فەرمانی سەرانی ئەو رژێمەوە ئەنجام درا، نەک هەر کارەساتێکی مرۆیی کەموێنەبوو کە دژ بە خەڵکی سڤیلی کوردستان ئەنجام درابێ، بەڵکو تاوانێکی گەورەی دژ بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوو، بەڵام مخابن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا وەکو پێویست ئاورێ لێنەدراوەتەوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، تەنانەت کوردستانیانیش رەفتاری راست و دروستیان لەگەڵ دا نەکردووە، نە لەسەر ئاستی جیهانیدا هەوڵی شێلگیرانەیان بۆ ناساندنی ئەو تاوانە کۆکوژیە داوە، نە حکومەتی عێراقیشیان ناچار کردووە تا داوای بوردن لە کوردستانیان بکات و قەرەبووی زیانلێکەوتوان و بنەماڵەی شەهیدەکان بکاتەوە.

ژەهرباران کردنی هەڵەبجە و کیمیا رژاندن بەسەر کوردستانیان، ئەگەرچی کۆستێکی مەزن بوو، زیانێکی گەورەی گەیاند، بەڵام دەکرا بۆ پێشخستنی دۆزی نەتەوەی کورد بەرچاوتر بخرێ، دۆست و هاوسۆزی زیاتری بۆ پەیدا بکرێ، ئێستا کە نەتوانراوە لەسەر ئاستی جیهانی و لەناوەندەکانی ولاتاندا وەکو تاوانی جینۆساید بناسێنرێ، بەڵام دەرفەت بەبەریەوە ماوە، دەکرێ زیاتر کاری لەسەر بکرێ و دەتوانرێ لەرێگەی کارەساتی هەڵەبجەوە دۆزی کوردستان رەوانەی کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بکرێ.

بەدرێژایی ١٧ ساڵی رابردوو، زۆرجاران لە راگەیاندنەکاندا باس لەو پرۆژە خزمەتگوزاریە تراویلکەیانە کراوە کە بۆ ئاوەدان کردنەوەی شاری هەڵەبجەو خزمەتکردنی بنەماڵەی قوربانیەکان ئەنجام دراون، بەڵام رەوشی ئێستای شارەکەو دەڤەرەکە پێمان دەڵێن ئەگەر شتێکی شیاو بکرابوایە ئێستا هەموو بوارەکان بێ گرفت و کێماسی دەبوون، باس لەو هەموو کێشەیەش نەدەکران، ئێستا شارەکە پێویستی بە پرۆژەی خزمەتگوازی وەکو ئاو، کارەبا، رێگەوبان، تەندروستی، پەروەردەیی و رۆشنبیری و ئاوەدانکردنەوە نەدەبوو.

لە بیستەمین ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەدا لە کاتێکدا سڵاوی ئەمەک و وەفاداری بۆ گیانی شەهیدان دەنێرین و بە حورمەتەوە سەری رێزو نەواشیان بۆ دادەنەوێنین، لەهەمان کاتدا خوازیارین کە لایەنی پەیوەندار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قسەی زارەکی و راگەیاندن دەربچێ و بەکردەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکەو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری هەنگاوی لێبراوانە هەڵبگرێتەوە.


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com